www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2006 20:42

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی

nigaral_24@freenet. de

نزای 4

خەزانی چوار وەرزە

کە تۆم ناسی
هەر زوو ووتت
کە من فریشتەی ئەوینم و
ئیتر چاوت لە دووی ئەسرینی هیچ
ئەستێرەیەکی تر ناگەڕێت
کە تۆم ناسی
هەر زوو ووتت
کە من پەپولەی باخی هەناسەی گوڵم و
ئیتر چاوت لە لە دووی هیچ
پەپولەیەکی تر ناگەڕێت
کە هاتمە بەردەمی تۆ
ملوانکەی ئەستێرەکانی گەردنمت خێرا پچڕان
دەنکە مرواری وەنەوشە و کازیوەی وەرزەی بارانی هەنگت تۆران
کە بە بۆنی گوڵی باخی ماسییەکانی ناو دەریای من
خۆتت مەست دەکرد
پڕ بە گەرووی ناخی باران هاوارت کرد:
ئیتر چیتر گوێ لە جریوەی ئەستێرەباران ناگریت
من وام زانی
خونچەی سێوی شادەماری هەناسەی من
بۆن دەکەیت و ناتەوێت هەڵی پروکێنیت
من وام زانی
کێڵگەی ئەرخەوانی حەسرەتم دەکێڵیت و
ناتەوێت تۆی فیرقەتی زەردەواڵەی هەناسەی تاڵی تیادا بچێنیت
ئەو کاتەی نزیک بومەوە
ئەو کاتەی کە چاوی گەروی
تاوانی حەزە شیتەکان
نیگای شێتانەی هاویشتە دڵە
بە ئەسرین بووەکەی بوکی سەما
ئەو کاتە
ئیتر من بوومە زەرنەقوتەی ڕقی ناخ و
سەرتاپای گیانمت خستە ناو
گۆڕی سەمای ئەهرامەکان
ئیتر منیش بەرەو ناخی دەریا شۆڕ بومەوە

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-10-2006 20:42

هەڵکشامەوە بۆ لای تۆ، هەتاوەکو پێت بڵێم
نەدەبوایە حەزی پەمەیی و ئەوینی من
بخەیتە ناو شەختەباران
نە دەبوایە:
چوار وەرزەم لێ بکەیتە خەزان و
نە دەبوایە:
ڕێگە نەدەیت جارێکی تر گوڵی ڤینۆس
لە باخی هەنگوینە مێوێکدا بڕوێت
بۆیە ناچار بووم و هاوارم کرد پڕ بە دنیا
ئاخر تەنیا تاوانی من هەر ئەوەبوو خۆشم ویستیت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا ... 15. 10. 2006